www.kurdistannet.org
25-9-2007 1:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کاک شەماڵ ئیتلائاتە ... سامان خانەقینی

ئیتلائات لە وانە یە مەبەست لێ ی دوو جار خوێندنەوەی بێ، وەك فەلسەفەی دەزگاکە پێمان دەڵێ، ئاخر من بۆ حەوت ساڵ دە چی کاك شەماڵ م هەزار جارم خوێندۆتەوە، پێش ئەوەی منداڵەکانی بێن ئێمە شەورۆژ بە یەکەوە بووین، لە کەمپێك لە کە مپە کانی نە رویج یەکترمان ناسی و بە هۆی هەڵە بەردەوام و یەك لە دوای یە کەکانی سە رکردایەتی کورد ئێمە وەك زۆرێکی تر، لە یەك لە کەمپەکانی نەرویج خۆمان بینییەوەو بە شەرمەزاریەوە زۆربەی جار و تاك و ئیستاش لە یەکترمان دەروانی، کاک شەماڵ کوردە وەك هەر کوردێکی تر تۆ بی ناسی، شەهم و باڵا بە رز، شەرمن و دڵ پاك، لەوانەیە ئیتلائات بوونی ئەو، چالاکیەك بووبێ لە چالاکیەکانی وەك هەر چالاکیەکی تری ئەو لە رەبایە گرتن و بانك گرتن، ئێ بۆ ئیمرۆ بۆی بکرێ بە لە قەب، ، ، ئە گەر ئیتلائەتەکەی کاك شەماڵ ئەوە بێ کە من دەی زانم ئەوا منیش ئامادەم وئاوات دەخوازم وەك ئەو رۆژێك لە رۆژان ئیتلائات بومایە، ، ، ، ، ، دوو ساڵ پێس ئێستاو بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەو بەر پرسی کۆمیتەی رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوولە وواڵاتی نەرویج، بوێر و ئازاو و راستگۆو چالاك بوو، هەر ئەو چالاکیانەی بوو وای لە نەیارانی کرد بوختانی ئیتلائاتی بۆ بکەن و، سەرگورشتەی ئیتلائات بوونی ئەو بە گوێی هەر کەسێك بچرپێنن، ، ، ، ، ئێستا ئیتلائات بۆ من مانایەکی تر دە بەخشێ، ، ، ، ، ، ، ، ، واتە دلسۆزو ئازاو چالاک و چاو نەترس، ئێ تاکەی هەرچی خۆشمان نەویست جاش و بەعسی و ئیتلائات بێ. شەماڵ عبدوالخالق سی و دوو ساڵ پێسمەرگە بوو

چالاک و کوردوو پەروەر، ، ، ، ، ، ، ، ، ئەو هەر کاتێك کورد لە تەنگانە بووە ئەو بووە بە پێشمەرگەو هەر کاتێك کورد تەنگانەی بێ ئەو پێشمەرگەیە، ، ، ، ، کاك شەمال ئیتلائاتە... کاك شەمال ئیتلائاتە، ، ، ، ، ،

2007 .09 .24 ، ، ، ، ،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.